**بـــەڕێـــــــزان**

- **کۆفی ئەنان، ســکرتێری گشـتی نەتــەوە یــەکگرتووەکان**
- **جۆرج دەبلیو بـۆش، ســەرۆکی وڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا**
- **ئەندامە هەمیشــەییەکانی ئەنجومــەنی ئاسایشـی نێـو دەوڵــەتی**
- **پەیمانی نــاتۆ**
- **دۆمای روســیا**
- **ئەندامانی کۆنگرێســی ئــەمریکا**
- **کۆڵن پــاوڵ، وەزیــری دەرەوەی وڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا**
- **جاك شیراك، ســەرۆکی کۆمــاری فەرەنســا**
- **خاتوو دانیال میــتران، (ســەرۆکی رێکخــراوی فەرەنســای ئــازاد)**
- **تۆنی بلێر، ســەرۆك وەزیرانــی بــەریتانیا**
- **گێرهارد شــرۆیدەر، راوێژکــاری ئــەڵمانیا**
- **نیلسۆن مــاندیلا**
- **یەکێتی پەرلــەمانی ئــەوروپا**
- **یەکێتی ئــەفریقیا**
- **جامیعەی وڵاتــانی عــەرەبی**
- **رێکخراوەکانی مــافی مرۆڤــی جیــهانی**
- **رێکخراوەکانی نووســەران و ئــەدیبانی جیــهان**
- **رێکخراوی لێبوردنــی نێــو دەوڵــەتی**
- **پەرلەمانی تورکیــا**

## یاداشتنامەی نارەزایـــــــی

ئــەمڕۆ نەتــەوەی کــورد و تێکــڕای گــەلانی عــێراق، بــە ئــاڵۆزترین بـــاری مێژوویـــی و سیاســـیی خۆیدا تێدەپەڕێ، لــە کــاتێکدا کــە ئــەزموونی فیدڕالیمــان مــاوەی زیــاتر لــە (١٠) ســاڵە، خــەریکی دامــەزراندنی دامودەزگــەی ژیــاری و مەدەنییــەکانی خۆیــەتی و خــەریکی چەســپاندنی سیســـتەمێکی هاوچەرخی دیموکراســی لــە حوکمڕانیــەتیدا و لــە پێنــاو پاراســتنی مافــەکانی مــرۆڤ، کــە بــە هــەق نموونەیەکی دیارە لــە ناوچەکــە.

لە کــاتێکی ئاوهــا ناســکدا کــە رژێمێکــی دیکتــاتۆری وەك عــێراق روو لــە شکســت و داتەپینــە و تێکــڕای گــەلانی جیــهان کۆکــن کــەوا مەترســیەکی ســامناکی بەســەر ناوچەکــە و ئاشــتی جیـــهاندا هەیە.

ناشاردرێتەوە ئەو رژێمە، لە هەڵەبجەو ئەنفالدا جینۆسایدی میللەتی کوردی کردووەو مەترسی ئەوەشی لێدەکرێت بە دەیان تاوانی گەورەتر ئەنجام بدات.

بەڵێ لە کاتێکدا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی جەخت لەسەر نەمانی ئەو رژێمە دەکەنەوە، رژێمی سەربازیی حکومەتی تورکیا لە هەوڵی ئەوە دایە کە سەروەری خاکی کوردستانی عێراق پێشێل بکاتو پیگەیەك بدۆزێتەوە تاکو ئامانجە گڵاوە کۆنو نوێیەکانی خۆی بەدیبهێنێ، بۆیە لەم هەڵوەستەیەدا، ئێمەی ئەدیبو نووسەرانی کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر هەوڵەکانی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ریسواکردنی ئەم هەوڵەی رژێمی تورکیاو هەر هێزێکی دیکەی هەرێمایەتی (اقلیمی) کە دەیەوێ دەست لە کاروباری کوردستان وەربدات، هەروەها ئێمەی نووسەرو ئەدیبانی کوردستان لەسەر رێگەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم هێزە داگیرکەرە تا پلەی مەرگ دەجەنگێنو ئامادەی هەموو خەباتێکی خوێناوینو بە هەموو جۆرە بەرهەڵستکردنێك دژی ئەو دەستێوەردانە دەوەستین، تا ئەو کاتەی خاکی پیرۆزی کوردستان لە هەموو ئاسەوارێکی دەستێوەردان پاك دەکرێتەوە.

بۆیە داوا لە گشت حکومەتو پەرلەمانو دامودەزگە سیاسیو ئیداریو بڕیار بەدەستانی جیهانو گشت گروپو رێکخراوە مرۆییەکانی مافی مرۆڤو نووسەرانو رۆشنبیرانی جیهان دەکەین، کە بە هاواری گەلەکەمانەوە بێنو پشتیوانیمان لێبکەنو فشار بخەنە سەر دەسەلاتدارانی تورکیا، تاکو دەست لە کاروباری گەلی کوردستانی عێراق وەرنەداتو رێز لە ئیرادەی گەلەکەمان بگرێ، کە نە گەلی کوردستانو نە ئەزموونەکەشی هەرگیز مایەی هەڕەشەو ترس نەبوونەو نابن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی تورکیاو بەرژەوەندییەکانی هیچ گەلو ولاتێکی دی.

ئێمەی نووسەرو ئەدیبو رۆشنبیرانی کوردستان لە رۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٦ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق کۆبووینەوەو ئەم یاداشتنامەیەمان ئیمزا کرد.

**یەکێتی نووسەرانی کورد**
**لقی هەولێر**
**٢٠٠٣/٢/٢٦**

**هاوپێچ/**

لیستی ناوو ئیمزای (١٤٢) نووسەرو رۆژنامەنووسو ئەدیبو رۆشنبیرانی کوردستان.

# ناوی نووسەرو رۆژنامەنووس و رۆشنبیرەکانی ئیمزایان کردووە.

مەهدی خۆشناو، نووسەر. مەحمود محەمەد، نووسەر. کەریم دەشتی، نووسەر. کەمال غەمبار، نووسەر. بارزان مەلا خالید، نووسەر. فەرهاد عەونی، نووسەر. د. کوردستان موکریانی، نووسەر. ئاسۆ حەسەن، چیرۆکنووس. د. عەبدوڵڵا حەداد، نووسەر. عەباس عەبدوڵڵا یووسف، شاعیر. ئەنوەر مەسیفی، شاعیر. فەیسەڵ دێهاتی، نووسەر. سەید مەولود بێخاڵی، نووسەر. فکرەت عیزەت، نووسەر. عەبدوڵڵا زەنکەنە، نووسەر. سەعدوللاّ پەرۆش، شاعیر. محەمەد خدر مەولود، نووسەر. مومتاز حەیدەری، نووسەر. حەمەسالّح فەرهادی، نووسەر. وریا جەلیزادە، شاعیر. کەریم سۆفی، نووسەر. د. عومەر یاسین جەباری، نووسەرو مامۆستای زانکۆ. کرمانج عەبدوللاّ ئیسماعیل، نووسەر. کەریم شارەزا، نووسەر. حەمەکەریم عارف، نووسەر. نوری پەترۆس عەتۆ، نووسەر. حەنا عەبدولئەحد رۆفۆ، نووسەر. سابیر رەشید، چیرۆکنووس. سالار عوسمان، شاعیر. ساسان عەونی، نووسەر. بلّند ئیسماعیل، نووسەر. بلّند مستەفا، نووسەر. نزار جەرجیس عەلی، نووسەر. ئیسماعیل بەرزنجی، نووسەر. پیرداود مەخموری، نووسەر. د. مەدحەت محەمەد سلیّمان، نووسەر. عەبدولرەحمان بێلاف، شاعیر. صلاح عومەر، چیرۆکنووس. بێکەس حەمەد قادر، شاعیر. مودریك ژالّی، شاعیر. سەباح هورمز، نووسەر. سەلاح سەلیم سەیدۆك، نووسەر. موحسین محەمەد حەمەد، نووسەر. حەکیم مەلا سالّح، نووسەر. مەحمود زامدار، نووسەر. د. هیمداد حوسێن، نووسەر. عەبدولکەریم مەحمود شێخانی، نووسەر. ئەحمەد سەلام، نووسەر. بەدران ئەحمەد، نووسەر. عومەر شێخەللاّ عەلی، نووسەر. مەجید ئاسنگەر، شاعیرو نووسەر. روشدی عەزیز، نووسەر. جەوهەر غەمگین، چیرۆکنووسو شاعیر. غەریب پشدەری، شاعیر. رەمزی مەعروف، نووسەر. د. شێرکۆ بابان، توێژەری زمانەوانی. زەید مەحمود عەلی، نووسەر. رەزا سەید گوڵ بەرزنجی، چیرۆکنووس. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چیرۆکنووس. جەلیل کاکەوەیس، چیرۆکنووس. ئەحمەد تاقانە، نووسەر. کاروان عەبدوللاّ، نووسەر. ئازاد عەبدولواحید، نووسەر. تەلعەت سامان، نووسەر. شازاد ئەنوەر، نووسەر. عەلی سالّح میران، نووسەر. ئازاد عوبێد، نووسەر. مەجید هێرش، نووسەر. نەژاد بەرزنجی، نووسەرو شاعیر. جەلال خدر، نووسەر. ئازاد حەمەدەمین، نووسەر. حەسەن جاف، چیرۆکنووس. نەوزاد رەفعەت، شاعیر. کازم کۆیی، شاعیر. مەوجود سامان، شاعیر. عیسا حوسێن، شاعیرو نووسەر. سەید ئارام، رۆژنامەنووس. بەکر مەعروف، هونەرمەندی شانۆ. موحسین ئاوارە، شاعیر. تەلعەت سلێمان، نووسەر. ئازاد بابان، شاعیر. یوسف لەتیف، شاعیر. چنور نامق، شاعیر. شوان سلێمان، نووسەر. شەونم یەحیا، نووسەر. شەماڵ نوری، نووسەر. هەردی قادر مەجید، چیرۆکنووس. خالّە حەمرین، شاعیر. ماجید نوری، نووسەر. عەبدولخالق سەرسام، توێژەرو شاعیر. بلال عەزیز، نووسەرو شاعیر. کامەران تاهیر، نووسەر. شوکر سلێمان، نووسەر. سەعد شکاك، نووسەر. رزگار ئەحمەد، نووسەر. زانیار سەردار قرگەیی، نووسەر. فەریدون سامان، شاعیر. بەختیار شاخی، نووسەر. بۆتان تەحسین، نووسەر. غازی دەرگەلّەیی، نووسەر. عەبدوڵڵا محەمەد، نووسەر. نەهرۆ عوسمان خدر، نووسەر. ئەنوەر ئەحمەد کەریم، نووسەر. نەوزاد حوسێن خدر، نووسەر. سەباح رەنجدەر، شاعیر. نافیع سمایل دیبەگەیی، نووسەر. دارا ئیبراهیم، هونەرمەندی شێوەکار. مەریوان فەتحی کەریم، چیرۆکنووس. سامی صلیوا، نووسەر. عەبدولرەحمان حاجی، شاعیرو نووسەر. شوان سەرابی، شاعیرو رۆژنامەنووس. کامەران محەمەد عومەر، رۆژنامەنووس. عەدنان حاجی کاکە، رۆژنامەنووس. مەولود ئیبراهیم مەولود، نووسەر. نیگار نادر، شاعیر. ئەیوب سابیر، نووسەر، بەختیار سەعید، نووسەر. عەبدولواحید محەمەد شەریف، نووسەر. عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی، نووسەر. هێڤی ئەمجەد حەسەن، نووسەر. نەبەز حەسەن، شاعیر. جەلال حەمەدمین، نووسەر. سەرکەوت وەلی حوسێن، نووسەر. زەمان عەبدە، نووسەر. جەمال عەولا، نووسەر. فەرهاد مەنسور، نووسەر. جەلال سەرکیس، نووسەر. فەهمی سولاقا، نووسەر. هاوژین عومەر، نووسەر. محەمەد وەسمان، نووسەر. محێدین تەها محەمەد، نووسەر. شەرمین ئەحمەد، نووسەر. محەمەد سەعید کوردە، نووسەر. ئەژی چەتۆ حەسەن، نووسەر. شێروان عەبدولخالیق، نووسەر. جەنگی عوسمان، نووسەر. شاکر ئەبوبەکر، نووسەر. رەسوڵ بەختیار، نووسەر. بۆتان نەجات محەمەد، شاعیر. ئەحمەد محەمەد سەلیم، نووسەر. سۆزان بابان، نووسەر. ئامینە حوسێن محەمەد، نووسەر. بەیان عەبدوللاّ، نووسەر. پەیوەند عوسمان، نووسەر. رەشاد کەریم عەولا، نووسەر.